سەرۆک وەزیرانی عێراق پێداچوونەوە بە دۆخی ئەو پێژە خزمەتگوزاریانە دەکات کە دواکەوتوون

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە سەرکایەتی یەکەم دانیشتنی ئەمسالی دەستەی باڵای هەماهەنگی نێوان پارێزگاکانی کرد کە تیایدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی پارێزگاکانیان کرا، هەروەها گفتوگۆیان لەسەر ئەو دەسپێیە بنەڕەتییانە کرد کە ئەولەویەتی گرنگ بەکدەهێنێت بۆ حکومەت لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران پارێزگارەکان دۆخی مانگانەکانی پێژە خزمەتگوزاری و ئابووریەکانیان خستەڕوو لە پارێزگاکانیان، هەروەها ئەو پێژە دواکەوتوانە خرانەڕوو لەگەڵ هەکارەکانی دواکەوتنیان لە پارێزگاکانی (بەغداد، بابل، میسان، موسەنا و نەجەف) لەگەڵ دۆخی مەڵبەندی وەبەرهێنان لە پارێزگاکانی (موسەنا، دیالە، واسیت، نەجەف و نەینەوا) جگە لە ڕاگەیاندنی دۆخی ئەو پێژانەی کە پێژانەی 24 کاتژمێر کاریان تێدا دەکرێت.

لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ئەو هەوڵە مەزنانەی بەرز نرخاند کە بوون بە هەکاری سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی ئینجومەنی پارێزگاکان و بە بەک و پێکی و ڕوونی بەڕێوەچوون، هەروەها

پیرۆزبایی لە براوەکانی هەڵبژاردنەکان کرد و جەختی لە گرنگی ئەکتیڤبوونی هێزە سیاسییە براوەکان کردەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی خێراتر و بەرپرسیار و بەرژەوەندیی فراوانی هاووڵاتیان.

سودانی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ پشکنینی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە نوێیەکان، تیمی هەڵوێستی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری ئاسپارد بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و قیرتاوکردنی ڕێگاکان بۆ ناوچە نوێیەکان لە پارێزگای بەسرە، بە مەرجێک سوود لەو کارە جێبەجێکراوانە وەربگرن لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە داهاتوودا.

بەمەبەستی بە تواناکردنی ئەنجوومەنە نوێیەکانی پارێزگاکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پارێزگارەکانی ئاسپارد ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

1. ئامادەکردنی پێداویستییەکان بۆ کێبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەوانە پێداویستییە کارگێڕی و تەکنیکییەکان و دڵنیابوون لە دابینکردنی کۆشکی ئەمنی گونجاو بۆ کێبوونەوەکە.

2. ئەنجامدانی پرسی ئادەستکردن و وەرگرتن بە پارێزگارە نوێیەکان بەپێی چوارچێوە یاسایەکان و بە شێوەیەکی گونجاو.

بۆ ئامانجی سنوردارکردنی دیاردەی سواکردن، سودانی هەموو پارێزگارەکانی ئاسپارد هەماهەنگی تەواو لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا بکەن بۆ دانانی چارەسەری کاریگەر بۆ ئەم دیاردەیە.

لە دانیشتنەکەدا گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی بەرنامەی کار، بەیار و ئاسپاردەی پێویست سەبارەت بەو بابەتانە درا.

بەیاردرا لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ فەرمانی دیوانی کە لە نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی دارایی و ڕەشنبیری و ئەمینداریەتی بەغداد و نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکبێت.

لیژنەکە لەکۆبینەوەیەک دەربارەی بینا و فەرمانگەکانی دەوڵەت پێشکەش بکات، لەگەڵ پارچە زەویەی چێکراوەکان لە بەغدادی پایتەخت، بۆ پێشخستنی ئاستی بنیاتنان و نیشاندانیان بۆ شێوەیەکی گونجاو،

بۆ مەرجەکێرکەکان لە ماوەی سی ڕۆژدا ئەنجام بدرێت لەگەڵ ئەوەی هەموو پارێزگاکان کار و
مەبەستەکانی لیژنەکە بیانگرێتەوە.